# چ جۆرە کامێرایەک

کامێرای دیجیتالی وەك ئامێرێکی زۆر گرنگ بۆ تۆمارکردنی ساتە لەبیرنەچووەکان، یان ئەو دیمەنانەی کە دووبات نابنەوە یان بۆنە و یادەکان پێویستییەکی گرنگە، لەنێو سەدان مارکەی کامێرای دیجیتالیدا و لەنێو هەزاران جۆری کامێرادا دیاریکردن و هەڵبژاردنی کامێرایەکی باش و گونجاو ئەستەمە. ئێمە لەو بابەتەدا هەوڵ دەدەین چەند ڕێنوێنییەك سەبارەت بەکامێرای دیجیتالی و چەند ئەرکێکی کامێراکان بڵاوبکەینەوە.

لەیەکەم کرینی مۆبایلی دیجیتالی شەخسیدا پرسیارێك دێتە پێش، ئایا کامێراکە چەند میگاپیکسلە، میگاپیکسڵ چ ڕۆڵێکی هەیە لەکامێرای دیجیتالیدا، پێشتر لەسەر وشەی میگاپیکسڵ بابەتمان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام پیکسڵ یانی یەکەی بچووکی پێکهێنەری وێنە، میگاپیکسڵ یانی کۆبوونەوەی یەکەکان لەئینجێکدا، واتە هەتا میگاپیکسڵ لەسەرووتر بێ، مانای وایە یەکەکانی پیکسڵ لێك نزیکترن، ئەوش ڕۆڵی هەیە لەجوانی وێنەکەدا. بەڵام میگاپیکسڵ بەتەنیا وێنە جوان ناکات، دوای وشەی میگاپیکسڵ وشەی میگازوم Megazoomیش ڕۆڵی خۆی دەبینێ. یانی هێنانەپێشەوەی

## کانون جۆری Powershot SX260 HS




کۆمپانیای کانون لە ریزی کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرایە، کامێرای جۆری Powershot SX260 HS بۆ بەکارهێنەرێکی ئاسایش کە بۆ ئەرکی شەخسی بێت گونجاوە، کامێراکە لێنزێکی 25 ملمی هەیە، لەگەڵ توانای زوم کردن هەتا 20X. جگەلەوەش 12 میگاپیکسلە، پرۆسیسەرەکەی لە جۆری Digic ٥، لە چرکەیەکدا 10 فرێم دەکێشێت.

## کامێرای Panasonic Lumix DMC-ZS20

کامێرای جۆری Panasonic Lumix DMC-ZS20 لە ریزی باشترین کامێرای دیجیتالی لە بواری کوالیتی وێنەوە دێت، زومەکەی 20X و هەروەها سیستەمی GPSیشی هەیە بۆ نیشاندانی شوێنی جوگرافی وێنەکە. لە رووناکی کەمیشدا وێنەی جوان دەگرێت. لێنزەکەی 24 ملمە، سیستەمی دژە لەرزینی دەستی بەهێزی تێدایە، 14 میگاپیکسڵی وێنەی کامێراکەیە.







## Sony Cyber-shot DSC-HX10V

سۆنی لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرای دیجیتالییەو هەتا ئێستاش لە ریزی پێشەنگەکان دابووە، کامێرای جۆری Sony Cyber-shot DSC-HX10V کە کامێرایەکی 18 میگاپیکسلی سۆنییە لە ریزی کامێرا دیجیتالییە تاکەکەسییە گونجاوەکان دێت. شاشەکەی جۆری LCD کوالیتی بەرزە. کوالیتی فیلم هەڵگرتنەکەی 60 فرێم لە چرکەیەکدایە.

## دەکڕی ؟

**دیمەنەکـــە، کامێرا هەتا دیمەن بێنێتە پێشتر، وێنەکە کوالیتییەکەی جوانترە، هەرچەندە ئەویش بەتەنیا گرنگ نییە بگرە توانای فۆکس واتە وەســـتانی کامێرا، تواناکانی تیشك و ڕووناکیش ڕۆڵی گرنگ دەبینـــن. لێرەدا چەند نموونەیـــەك وەك کامێـــرای باشـــی دیجیتالی بۆ کاری شەخســـی باس دەکەین.**

### Nikon Coolpix S99300

ئەگەر نیازت هەیە تەنیا کامێرایەکی ســـادەی دیجیتالیت هەبێـــت لەگەڵ ئەوەیـــدا کوالیتـــی وێنەکانی جێگای ســـەرنج بێت، پێمواية کامێرای جۆری Nikon Coolpix S99300 گونجـــاوە. کامێراکـــە لـــە زۆر تایبەتمەندی بێبەشـــە کە لـــە کامێرا هاوشێوەکانی خۆیدا هەیە، بەڵام کارایی خێرایـــی وێنەگرتنی، لێنزی باشـــی کامێراکە بەشـــێکن لـــە تایبەتمەندییە ئەرێنەکانی کامێرای ناوبراو. کامێراکە 16 میگاپیکســـڵە، سیستەمی GPS ناوخۆی هەیە، بۆ ســـەیران و گەشت بچوکە و هەڵگرتنی ئاسانە. لێنزەکەی 25 ملمە و زومەکەی 18X.





## تەبلێتیش بەرەو سێ ڕەهەندی هەنگاوی نا

ســـێ ڕەهەندی دیتنـــی دیمەنەکان، چ جیاوازییەکی لەگەڵ دیمەنە ڕاستەقینەکاندا نییە، ســـێ ڕەهەندی یـــا 3D واتە دیتنی دیمەنێك لەســـێ لایەنیەوە. بەرهەمهێنەرانی تەکنۆلۆژیای نوێ لەسەر ئەوە ساغ بوونەتەوە کە بەرەو سێ ڕەهەندی 3D هەنگاو بنێن.

دوایین بەرهەمی سێ ڕەهەندی تەبلێتێکە کە لەلایەن کۆمپانیای Ematic’ەوە بەرهەم هاتـــووە، تەبلێتەکە کە بـــەeGlide prism ناســـراوە، بەکارهێنەرانی بەرەو جیهانی سێ ڕەهەندی واقیعی دەبات.

شاشـــە 7 ئینجییەکەی ئەم تەبلێتە تەواو لەمســـییە و وێنەکان زۆر بەکوالیتی بەرزەوە نیشان دەدات، ئامێرەکە پرۆسێسەرێکی یەك گێگایی لەســـەرە و بۆ داکردنی داتاکانیش لەmicroSD ســـوود وەردەگرێـــت. تەبلێتی ناوبراو فیلمە ڤیدیۆییەکان بەکوالیتی 2160 پیکسل بەشـــێوەی ســـێ ڕەهەندی نیشان دەدات. جگە لەوەش سیستەمی وایەرلەیسی Wi-Fi لەسەرە.

## دیسان ئایفۆن لەخزمەت بواری پزیشکیدا




کۆمپانیای ئەپڵ و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێـــری دیجیتالی هـــەوڵ دەدەن ئایفـــۆن هـــەروەك مۆبایلێکی هۆشـــمەند نەهێڵنەوە، بەڵکو بیکەن بەدکتۆر، مامۆســـتا، وەرزشـــوان، وەرگێـــڕ و...تـــاد. کۆمپانیایەکـــی ئەڵمانی بەم دواییە ئامێرێکی بچووکـــی بەرهەمهێناوە کە لەمۆبایلـــی ئایفۆن پێوەند دەدرێ و ئامێرەکـــە پرۆگرامێکـــی تایبەتی لەگەڵدایە و لەڕێگای تیشکی سەرووی ســـوورەوە گەرمی و تینی جەستەی مرۆڤ یان گیانداران دەپێوێ، بۆ ئەوە ئامێرە پێویســـت نـــاکات وەك گەرمی پێوی دیکە بیخەیە بن زمانەوە یان لەبن هەنگڵتی دابنێی، بەڵکو تەنیا لەڕێگای ئایفۆنەکەوە، تیشکێك بۆ شوێنی مەبەست بەرێ دەکەی و لەسەر شاشەی ئایفۆنەکە گەرمی ئەو شوێنە دەستنیشان دەکات.



# لەم سایتەدا لاپەڕەی ماڵپەڕەکان خەزن بکەن

زۆر جاران کە سەیری ئینتەرنێت دەکەی و گەلێك سایتی سەرنج راکێش دەبینی، بەڵام لەو کاتەدا ناتوانی بیخوێنیەوە، هەوڵ دەدەی سایتەکە لە سەر کۆمپیوتەرەکەت خەزن بکەی بۆ ئەوەی کە دواتر و لەکاتێکی گونجاودا بیخوێنیەوە.. ئەگەر هەر سایتێکت دیت و جێگای سەرنج بوو لە هاردی کۆمپیوتەرەکەدا خەزنی بکەی، ئیدی کۆمپیوتەرەکەت قەرەباڵغ دەبێت و رەنگە لە دابەزاندنی سایتەکەشدا ئەگەر سایتەکە ڤایرۆسی هەبێت ڤایرۆسەکانیش دادەبەزێنە سەر کۆمپیوتەرەکەت. ئەدی رێگا چارەی گونجاو.

سایتی Iterasi ئەو توانایەی هەیە کە کە لاپەڕەکانی ماڵپەڕەکان لەخۆیدا خەزن بکات، تاکو لە هەموو شوێنێك بە ئاسانی بتوانی بیانخوێنیەوە. ئێوە دەتوانن لاپەڕەکان بەویستی خۆتان ریزبەندی بکەن، یان لە خاڵە جێگای سەرنجەکان یادداشت هەڵبگرنەوە.




# فلاش میمۆرییەک لەکاتی دزران



هیچ شتێك بەقەد هەڵگرتنی زانیاری لەجیهانی دیجیتالیدا ئاسان نییە، بەڵام لەو کاتەدا هەڵگرتن و داگرتنی داتاکان لەوسەردەمەدا بەئاسانیش ون دەبن و دەدزرێن و لەناو دەچن. ئەو ئامێرانەی کە داتاکان لەخۆیاندا هەڵدەگرن وەك فلاش میمۆری یا میمۆری کارت بەهۆی قەبارەی بچووکیان ئەگەری تێکچوون و دزران و بزربوونیان زۆرە.

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی میمۆری کارت، جۆرە میمۆرییەکی بەرهەم هێناوە کە ئەگەر لەخاوەنەکەی دوور بکەوێتەوە لەرێگای GPS وە دەتوانی بیدۆزیەوە. ئەگەر کەوتبووە دەست

# مامۆستا دیجیتالییەکان!



تەکنۆلۆژیای نوێ پێدەچێت لەئاییندەیەکی نزیکدا کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەربکەون و کۆمەڵگە بەرەو تەمبەڵی و بیرنەکردنەوە و لەشوێن خۆوەستانی هزر ببەن. بۆ نموونە ئامێری Galaxy note10 کۆمپانیای سامسۆنگ کە وەك مامۆستایەکی هۆشمەند دەتوانێت وانە دەرسییەکان بەشێوەی ڤیدیۆیی و زیندوو بەجۆرێك کە بتوانی کۆمێنتیش دابنێی رۆڵی خۆی دەبینێت. لەگالاکسی نۆتەدا دەتوانی شاشەکە بکەی بەدوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ کاری جۆراوجۆر و بەشی دیکەش بۆ سەیرکردنی سایت و گرتە ڤیدیۆییەکان بەکار بێینی هەروەها لەو کاتەدا دەتوانی دەقێکیش بنووسی و یان پرۆژەیەکیش ئامادە بکەی هەروەها دەکرێت وەك eBook واتە کتێبخوێنێکی باشی دیجیتالیش بەکاری بێنی. هەروەها گۆڕانکاری لەوێنەدا وەك کۆمپیوتەرێك ئەنجام بدەی، چونکە خۆی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و چەندین پرۆگرامی دیکەی تایبەت بەبواری گرافیکی تێدایە. ئامێری ناوبراو باشترین قەڵەمی دیجیتالی هەیە، قەڵەمێکی هۆشمەند کە دەتوانێت رێژەی فشارخستنە سەر و وردبینی زۆر و کۆنترۆڵ کردن لەکاتی نووسین یا دەستکاری دەقدا هەیەتی.

# فیلمە دوو رەهەندییەکانت

ئێستا کە جیهانی سێ رەهەندی خەریکە بەتەواوی زاڵ بێت بەسەر تەکنۆلۆژیای نوێدا، پرسیارێك دێتە گۆڕێ ئەدی چ دەکرێت بۆ ئەو هەموو فیلم و وێنە دوو رەهەندیانە، ئایا پرۆگرامێك یان ئامێرێك هەیە کە فیلم و وێنە دوو رەهەندییەکان بکاتە سێ رەهەندی.

لەوڵامدا دەڵێین بەڵێ پرۆگرامی Media converter نە تەنیا دەتوانێت فیلمە دوو رەهەندییەکان بکاتە سێ رەهەندی، بگرە دەتوانێت چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام بدات وەك بگۆڕی گشت فۆرماتەکان بۆ یەکتر چ فۆرماتی دەنگ و رەنگ چ فۆرماتی وێنە و ڤیدیۆیی. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە، تەنیا بەچەند کلیکێك ئەرکەکان ئەنجام دەدەی و دەتوانی فایلەکان بۆ مۆبایل، تەبلێت و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ بگۆڕی. پرۆگرامەکە پشتیوانی فۆرماتی فایلی ڤیدیۆیی HD سێ رەهەندی دەکات و دەنگ و گرتەی ڤیدیۆیی لەفیلمەکانی DVD و AVCHD وەردەگرێت. گشت مۆبایلە هۆشمەندەکان دەناسێت. جگە لەوانەش ئەگەر بتەوێ بەشێك لەفیلم لابەری یان گۆڕانێکی بچووکی تێدا پێکبێنی، بەو پرۆگرامە بەئاسانی جێبەجێ دەبێت.

## ـــــیدا زانیارییەکانی دەسڕێتەوە



یەکێك و نیازی دانەوەی زانیارییەکانی نەبوو هەر لەڕێگای دوورەوە دەتوانی زانیارییەکانی ناوەوەی بسڕیەوە. هەروەها بەکارهێنەر دەتوانێت بچێتە سەر ئەکاونتی تایبەت بەخۆی لەئینتەرنێتدا زانیارییەکانی سەر میمۆری کارتەکە دابخات. هەروەها دەتوانرێت بەناردنی کورتەپەیامێك بۆ میمۆری کارتەکە زانیارییەکان قفڵ بکەی. کارتی جۆری X1.trans1 دەکرێت لەڕێگای دوورەوە بیسووتێنی، هەموو ئەو کارانەش بەبێ بوونی هێڵی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێت، هەتا میمۆری کارتەکە بەکۆمپیوتەریشەوە پێوەند نەدرابێ هەر دەکرێت زانیارییەکانی ناوی بسڕیەوە.

## تەنیا بە یەک کلیک ماڵپەڕێک بکە بە PDF

ئەگەر یەکێکی لەوانەی بۆ کردنەوەی سایتەکان لە پرۆگرامی Google chrome (گوگڵ کرۆم) سوود وەردەگریٚ، رەنگە هەستت بەوەی نەکردبێت کە گوگڵ کرۆم توانایەکی دیکەی کە کە پرۆگرامە هاوشێوەکانی نیانە، ئەویش بەبێ بوونی هیچ پرۆگرامێك بتوانی ماڵپەڕێك بکەی بە PDF بۆ ئەوەی کە دواتر بەبێ هێڵی ئینتەرنێت بیخوێنیەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە تەنیا ئەوەندە بەسە کە دوگمەی Ctrl+P دابگرە تا فەرمانەکانی تایبەت بە پرێنت کردن بکرێتەوە، ئیدی ئێستا هەر ئەوەندە بەسە کە لە بەشی Destination فەرمانی save as PDF لێبدە. پاشان فەرمانی save لێبدە.

## ـــــان بە ئاسانی دەبنە 3D







خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات من هەمیشە ناتوانم لەسەر هێڵی ئینتەرنێت بم، کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیش تێچووی بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان بۆ من گران دەکەوێت، ئایا پرۆگرامێك هەیە کە بتوانێت سایتێکی ئینتەرنێتی بەهەموو ڤیدیۆ و وێنەکانەوە هەروەك ئەوەی کە بەشێوەی ئۆنلاین هەیە خەزن بکات و دواتر کە هێڵی ئینتەرنێتیشم نەما بتوانم سوود لەسایتەکە وەربگرم..

بەڵێ خوێنەری بەڕێز گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان خەزنکردنی سایتەکە بۆ ئەو کاتەی کە هێڵی ئینتەرنێتیش نەما بتوانی سوودی لێوەربگری، پرۆگرامێکی سەرکەوتووی ئەو بوارەش پرۆگرامی Pocket ە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی سایتەکانی مەبەستت لەکۆمپیوتەردا یا مۆبایلدا خەزن بکەی، تا لەو کاتانەی کە هێڵی ئینتەرنێتت نییە سوودی لێوەربگری.